کرێکارانی جیهان یه کگرن !



# به ره و سۆشیالیزم

# 60

بناغەی سۆشیالیزم ئینسانه
سۆشیالیزم بزووتنه وه ی
گه ڕاندنه وی ئیراده ی ئینسانه

منصور حکمت

بڵاوكراوه ی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری چه پی عێراق | ژماره 60 - 15 ی ئاب 2010 | www.socialismnow.org | serdarabdulla@hotmail.com

## له كوردستاندا سەركوتی ئازادی درێژەی هەیە



سه ر ووتار

سه ردار عه بدوڵا حه مه

له پاش تیرۆری چەندین رۆژنامه نوس له كوردستاندا، سه ركوتی بیروراو هه وله كان بۆ فراندن و تیرۆركردنی رۆژنامه نوسان هەر درێژەی هەیه .له مانگی پێشوداهه وڵدرا رۆژنامه نوس (هیوا فریاد رەس) سەرۆكی ریكخراوی (بزاڤی ژیان ) له شارۆچكەی خەبات بفرێنن، هەوڵەكه سەركەوتوو نەبوو وه ئێستا ژیانی ناوبراو له مەترسیدایه. ئێستا پارتی دیموكراتی كوردستان به ئاشكرا هه ره شه له گۆڤاری لڤین ده كا بەو بیانووەی ئەوەی ئەم گۆڤاره سوكایەتی به موستافا بارزانی كردووه. ئەمانه چەند نموونەیەكی تازەن بۆ هێرش بۆ سەر ئازادی رۆژنامه گه ری له كوردستاندا،دیاره خەلكی كوردستانیش به تایبه ت رۆژنامه نوسانی شارو شارۆچكانی كوردستان بێ ده نگ نه بوون وبه خۆپیشاندان و ئیمزا كۆكردنەوه بەردەوامن له ئیدانه كردنی ئەم دەسەڵاتەكۆنەپەرستە.

كاتێ سەرۆكی هەرێمو بەرپرسانی تر ئه و پرسیاره یان لێ ده كرێ ئایا باوەرتان به ئازادی هەیه ؟ دەڵێن به ئێمه قوربانیمان داوه له پێناو ئازادیدا. لەو لاشەوه هه ره شه له خه ڵكی ئازدیخواز و له گۆڤار رۆژنامەكان و فراندن و تیرۆری خەلک له سەر بیرو را هەیه و ئەم ملهوریه دژی ئازادیه هەیه و درێژەی هەیه ئیتر دەبێ ئازادی چ مانایەكی هەبێ لای ئەم بەرێزانه، لەوانەیه ئازادی لای ئەوان ئەوەبێ به سه ر شان باڵی ئه واندا هه ڵبده ی یا سووكه گلەیەكیان لێ بكەی دەنا لەوه زیاتر تێپەراندنی سنووری ئازادیه ، یا خۆیان ووتەنی ئیتر ئەوه بەرەڵاییه . ئەم بەرێزانه دەیانەوێ ئەو راستیه بشارنەوه كه ئازادی بیرورا سنور ناناسێ و له ئاست بیرورادا هیچ شتێک پیرۆز نیه. نه دەستی شێخ و نەمێزەرو كەوای مەلاو نه مامه و نه كاكه و نه نەوەو نه باوكیان و نه خاك و ئاوو نیشتمان نه خودا و نه پێغمبه ر و نه عیسا ونه موسا و نه ماركس نه لینین.. .هتد پیرۆز نین ناتوانن دیوار و سنوور بن له بەردەم ئازادیدا، هه ریه ک له مانه ناوبران دەكرێ پیرۆز بن لای هەندی كەس بەڵام ناكرێ ئازادی سنووردار بكرێ له بەر ئەو هەندە كەسه.

سەرۆكی هەرێم له ناڵیش ئەدا له بزماریش ، دەڵێ من ئازادیم دەوێ لەو لاشەوه ئازادی سەركوت دەكا له هەموو مەیدانێكدا. ئەوەگومانی تێدا نیه بووترێ ئه وه یه كه تا ده سه ڵاتی قه ومی و دینه یه كان ده ست كۆتا نه كرێن و به دیلێكی ئینسانی جێگایان نه گرێته وه سەركوتی ئازادی هەر درێژەی دەبێ.

12/7/2010

## ڕاگەیاندنی كۆتایی پلینۆمی پێنجەمی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری چەپی عێراق

پلینۆمی پێنجه می كۆمیته ی ناوه ندی سەركەوتوانه ئەنجام درا. رۆژی شەمه 24/7 پلینۆم ده ستی پێ كردو رۆژی یەک شەمه 25/7 كۆتایی هات ، پاش پەسەند كردنی ژمارەیەک له بڕیارنامەی گرنگ . زۆربه ی ئه ندامانی كۆمیته ی ناوه ندی حیزب و هاوڕێ حه میدی ته قوایی لیده ری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێران و یه دی مه حمودی ئەندامی مەكتەبی سیاسی هەمان حیزب و ژمارەیەک له كادرانی حیزب وەک میوان ئاماده ی ئه م پلینۆمه بوون. ئیمكانات بۆ ئاماده بوونی سه رجه م هاورێ یانی ئەندام له كۆمیتەی ناوەندی له ناوەوەو دەرەوەی عێراق فەراهەم كرا.

سه ره تا پلینۆم به سروودی ئەنتەرناسیونال و وەستانی دەقیقەیەک بۆ رێزنان له گیان بەختكردوانی ڕێگای سۆشیالیزم ده ستی پێ كردو پاشان



به هۆی به شداری زۆربه ی ئه ندامانی كۆمیتەی ناوەندی یەوه رەسمیەتی پلینۆم

بو ل 3

**بڕیارنامەكانی پلینۆمی پێنجەمی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری چەپی عێراق**
له لاپەره 4

## قەیرانی حكومەت له عێراقدا

**چاوپێ كەوتنی بەرەو سۆشیالیزم له گەڵ ستار حەمه عەلی ( ستاری چیمەنتۆ) بەرپرسی كۆمیتەی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری جەپی عێراق له ئەلمانیا**



**بەرەو سۆسیالیزم:** زیاتر لەسێ مانگ بەسەر گاڵتە جاڕی هەڵبژاردندا تێپەڕیبووو ئنجا قەومپەرست و ئیسلامیەكانی عێراق توانیان یەكەمین دانیشتنی پەرلەمانەكەیان بكەن بەبێئەوەی بگەنە هیچ ڕێككەوتنێك له پەیوەند بە هەڵبژاردنی سێ سەرۆكایەتیەكە، بە بڕوای ئێوە هۆكاری ئەوە چییە؟

**ستار حەمە عەلی:** سەرەتا من پێموایە كە خودی ئەو دانیشتنەش كە لە دوای سێ مانگ لە دەنگدانی خەڵكی عێراق بۆ هەڵبژاردنە پڕ لە گاڵتەجاڕیەكەیان ئەنجامیان دا دیسانەوە بۆ خۆڵ كردنە چاوی خەڵك و پیشاندانی پەردەیەكی ترە لە شانۆگەریمكانیان، وە دەیانەوێ لەو ڕێگایەوە،وەبەتایبەت لەدوای شكستە یەك لەدوای یەكەكانی دانیشتنەكانیان لە ناو بارەگاو بنكەو ماڵەكانیان، بە خەڵكی ڕابگەیەنن كەگوایە ئەو پەرلەمانە كارتۆنیەیان جێگای پرس ڕاو شوێنی گەڕانەوەیە بۆیان. بۆیە من پێم وایە كە هۆی سەرەكیی نەتوانینی پێكهێنانی حكومەت ئەوەیە كە تەواوی ئەو لایەن وگروپانەی بەشدارییان لە هەڵبژاردندا كرد بە حیزبی شیوعیی عێراقیشەوە بریتین لە ئەحزاب و میلیشیای قەومی و دینی و عەشایەریی كۆنە پەرست كە بچوكترین تروسكایی مەدەنیەت و تەنانەت بڕوابوون بە یەك بەندی شكلیی بەناو دیموكراتی وفیدرالیزمەكەی دەستووره دواكەوتوو وكۆنەپەرستانەكەی خۆشیان تیا بەدی ناكرێ وئەمانە شەڕیان بریتیە لە شەڕ لەسەر پاوان خوازیی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتیان و گەورە كردنی ئەو ناوچانە و كۆنترۆڵی ئەو سەرچاوە ئابووریانەی كە دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی هەر لایەكیانەوە.

پەرەو سۆسیالیزم: لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەڵبژاردنەو لایەنە سەركەوتووەكانی دا بەبڕوای ئێوە هیچ ئاڵوگۆڕێك لە پێكهاتەی سیاسیی بەناو حكومەت و پەرلەمانی داهاتودا ڕوودەدا؟ یاخود تەنها شێوەی پەیوەندیەكانی نێوان هێزە قەومی و مەزهەبیەكان گۆڕانی بەسەردا دێت؟

بو ل 3

**بەیاننامە**

**سەبارەت بەوەی پێی دەوترێت قاچاخچێتی نەوت!!**
له لاپەره 2

**پەیوەست بن بە ناڕەزاتیەكانی 100 شاری جیهانە وە بۆ رزگار كردنی گیانی سەكینە ئاشتیانی لە دەست جمهوری ئیسلامی!!**
له لاپەره 2

## 24ی جولای رۆژی دربرینی گەورەترین ناڕەزایەتی جیهانی دژ بە بەردەبارانكردنی ژنان و سزای لە سێدارەدان بوو!

**ئامادەكردنی ریپۆرتاژ : هیوا ئەحمەد**



بڕیاری بەردبارانكردنی سەكینە محمەد ئاشتیانی ژنە تەمەن 43 ساڵ و دایكی دوو منالٌ، لە لایەن رژێمی كۆماری ئیسلامی ئیرانەوە، هەروەها نارەزایەتی گەورەو بەرفراوانی جیهانی لە دژی ئەم تاوان و یاساو بریارە قێزەونە، ئەمرۆ بۆتە یەكێک لە گەرمترین هەواڵ و باسی ناو میدیا جیهانیەكانی وەک بی بی سی و سی ئین ئین و فۆكس و ئای تی ئین و جەزیرە و رۆژنامەكانی گاردیان و تایمز و نیوزویک و دەیان راگەیاندنی تری لۆكاڵی و ناوخۆیی وڵاتەجۆربەجۆرەكانی تری جیهان. ..

.بۆ ل 2

# ئازادی یەكسانی حكومەتی كرێكاری

# پەیوەست بن بە ناڕەزاتیەکانی 100 شاری جیهانە وە بۆ رزگار کردنی گیانی سەکینە ئاشتیانی لە دەست جمهوری ئیسلامی!!

له یه ک مانگی ڕابردوودا جیهان نارەزایەتیەکی فراوانی بە خۆوە گرت ، بۆ رزگاری کردنی گیانی سه کینه مه حمه د ئاشتیانی له به ردباران (سەنگسار) لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئێرانه وه ، به پێشڕه وی کۆمیته ی نێونەتەوەی لە دژی سەنگەسار و ئیعدام و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران توانرا بە خەباتی فراوانی هەمەلایەنە ی جه ماوه ری فراوانی جیهان جمهوری ئیسلامی ئێران ناچار به پاشه کشه بکاترێ و سه نگهساری سه کینه هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام تا ئێستا دەستی لە هه ڕه شه ی ئیعدامی سه کینه هەڵنەگرتووە، دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە لە بەرامبەر نارەزایەتی جەماوەری ناڕازی و تورەی جیهان بوەستێتەوە.

جمهوری ئیسلامی ئێران لەماوەی چه ند ساڵی نه نگی حوکمڕانی خۆیدا زیاتر لە سەد کەسی سەنگسار کردوەو 25 کەسی تر لەژێر خەتەری مەترسی حوکمی سه نگ ساردان، تا ئێستا هه زاران که س له لایه ن جمهوری ئیسلامیەوە ئیعدام و سەنگسار کراون و ژیانی ئەم جمهوریە دڕندەو خوێنڕیژە بەم تاوانکاری و جنایاتانە بەستراوەتەوە.

بۆ شکست پێهێنانی جمهوری ئیسلامی ئێران و هەڵوەشانەوەی حوکمی ئیعدام وسەنگەسار و ئازاد کردنی گیانی سەکینە مەحمەد ئاشتیانی لە ئیعدام و شکست پێهینانی سیاسه تی جمهوری ئیسلامی ئێران، کۆمیته ی نێونه ته ویی دژی ئیعدام و سه نگه سار و چه ند لایه نێکی تر بانگه وازی سه رجه م ئازادیخوازان و یه کسانی خوازانی جیهان دەکەن بۆ بەرپاکردنی ناڕەزایەتی لە سەد شاری جیهان بۆ رزگاری گیانی سەکینە مەحمەد ئاشتیانی وبۆ کۆتای هێنان به حوکمی به ربه ری و وەحشیانەی جمهوری ئیسلامی ئێران. تا ئێستا لە دەیان شاری جیهان خۆپیشاندان کۆبوونەوە ڕاگەیەنراوە.




## کرێکاران،خەڵکی ئازادی خوازی عێراق و کوردستان !

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چه پی عێراق بانگەوازتان دەکات بۆ پەیوەست بوون بە ناڕەزایەتی سەد شاری جیهان بۆ رزگاری گیانی سەکینە، هەروەها بۆ وەستانەوە بە دژی حوکمی سەنگەسار و ئیعدام، سه ره رای ئه وه ی حیزب تێ ده کوشێ بو ریکخستنی ناره زایه تیه کان له هه مان کاتدا حزب داواتان لێداکات له هه رشوێنیک و به هه رشێوه یه ک که بۆتان ده گونجێ ناڕەزایەتیە کان بەڕێبخەن، لەمەرکەزی شاره کان، له به رده م سه فاره ته کانی جمهوری ئیسلامی ئێران و لە گۆڕەپانە سه ره کیه کان، و له هەرشوێنێک کە بۆتان دەگونجێ، با پێکەوە ئەم تاوانە کۆتایی پێ بهێنین.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

15 ئاب 2010

## پاشماوه ی ریپورتاژی هیوا ئه حمد

سەکینە ئاشتیانی لە تەمەنی 14 ساڵیدا ناچارکراوە کە شوو بکات بە پیاوێکی بەساڵاچوو. ئێستا دوو کوری هەیەو یەکێکان تەمەن 17 ساڵە. لە ساڵی 2005 وه به تۆمەتی پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی خێزان لە زیندانی تەورێز زیندانی کراوە و لەو ماوەیەدا 99 قامچی لێدراوە و پاشان مەحکوم کراوە بە بەردەبارانکردن چەند هەفتە لەوەپێش منداڵەکانی سەکینە لە ئیرانەوە نامەیەک ئاراستەی مینا ئەحەدی، بەرپرسی کۆمیتەی دژی بەردەباران و سزای لە سێدارەدان، دەکەن، کەدایکیان لە بەر مەترسی بەردەبارانکردن دایەو داوای لێدەکەن کە بە فریای دایکانەوە بیت و بتوانن کارێک بکەن کە دایکی لە بەردەباران و لە سێدارەدان رزگار بکەن. بە دوای ئەم بانگەوازەدا لە لایەن مینا ئەحەدی و مەریەم نەمازی یەوە کەمپینی پاراستن و رزگارکردنی گیانی سەکینە ئاشتیانی رادەگەیەنرێت و لە ماوەیەکی کەمدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی دەبێت و سەدەها ریکخراو و کەسایەتی و خەلکی ئازادیخواز و مۆدێرن بە دەنگ ئەم بانگەوازوە دێن و پەیوەست دەبن بە کەمپینی رزگارکردنی گیانی سەکینە. هەروەها بە خیرایی رەنگدانەوەیەکی گەورەی دەبێت لە ناو میدیا جیهانی و لۆکاڵییەکاندا.ەنها لە ماوەی سێ هەفتەدا زیاتر لە 700 هەزار ئیمزا دژی بریاری بەردەبارانکردن و لە سێدارەدانی سەکینە ئاشتیانی لە سەراسەری وڵاتانی جیهاندا کۆدەکرێتەوە، بە دوای ئەمەدا لەسەر پێشنیاری مینا ئەحەدی و 58 ریکخراو و کەسایەتی و هەڵسوراو لە بواری دژی سزای لە سێدارەسان و بەردەبارانکردن و مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکانی بەریتانیا، ئەمریکا ، هۆڵەندا، ئیتالیا، کەنەدا، فەرەنسا، سوید، بۆسنیا، بەلجیکا، پاکستان، ئەفریقای جنوبی، نایجیریا، ئایسلند، سویسرە، دانمارک، ئوستراليا و ئەلمانیا، رۆژی 24/7/2010 بە رۆژی سەکینە و دژ بە بەردەبارانکردن و لە سێدارەدان دیاری دەکریت و بانگەوازی سەرجەم ئینسانە ئازادیخوازەکان دەکەن کە لەو رۆژەدا بە بەرزکردنەوەی وێنەی سەکینە لە ناوەندی شارەکانی خۆیاندا نارەزایەتی دژ بەو یاساو بریارە بەربەریە دەربرن. لە رۆژی 24/7 دا لە 14 وڵات و لە 34 شاری سەرتاسەری جیهاندا نارەزایەتی و خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی مەزن لە لایەن هەڵسوراوانی بواری ژنان و مافی مرۆڤ و دژ بە سزای لە سێدارەدان و بەردەباران و خەلکی ئازادیخوازەوە بەریکخرا. لە ئەمریکا و کەنەدا و ئوسترالیاوە تا زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و جۆرجیا. بەریتانیاش یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە لە چوار شاردا نارەزایەتی و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان بەرێخرا کە لەوانە بیرمینگاهم و لەندەن، وە لە ناو لەندەنیشدا لە دوو شوین لە مەیدانی ترافالگارسکویر و لەبەردەم وێستگەی ریچمۆند لە رۆژئاوای لەندەن خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەرێوەچوو.

لە مەیدانی ترافالگار سکویر کە ناوەندی شاری لەندەنە و قەرەباڵغترین شوێنیەتی، سەرەتا لە کاتژمێر 2ی دوانیوەرۆوە و بۆ ماوەی چوار کاتژمێر ریکخراو و کۆمیتەکانی دژی لە سێدارەدان و بەردەباران و لایەنگر لە مافەکانی مرۆڤ و هەلسوراوان دەیەها وێنەی سەکینەو دروشم و تراکت و لافیتە و پێشەنگای وێنەیان بەرزکردوە، پاشان لە ریگای بڵندگۆوە دەستکرا بە وتنەوەی شیعارەکانی، "نا بۆ بەردەبارانکردن، نا بۆ لە سێدارەدان، سەکینە بپاریزن، نا بۆ بەربەریەت، نا بۆ یاسای شەریعە.." بە دوای ئەوەدا چەندین کەس قسەوباسیان کرد لەوانە مەریەم نەمازی قسەکەری کەمپینەکە. پاشان نمایشێکی رەمزی چۆنییەتی بەردەبارانکردنی ژنان لە لایەن چەند هەڵسوراوێکی کەمپینەکەوە پێشکەشکرا کە جێگای سەرنجی بەرچاوی خەلک بوو، هەروەها سەدەها بەیانامەی کەمپینەکە سەبارەت بە مەترسی بەردەبارانکردن و لەسێدارەدانی سەکینە لە ناو خەلکدا بڵاوکرایەوە، سەدەها ئیمزا کۆکرایەوە و خەلک بە بە پەرۆشەوە ئیمزایان دەکرد و برێکی زۆر کۆمەکی مالیان بە کەمپینەکە کرد بە مەبستی بەردەوامبوونی کارەکانی. لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵەکانی راگەیاندنی وەک بی بی سی ئینگلیزی و فارسی کە بە شێوەی پەخشی راستەوخۆ ریپۆرتاژ و هەواڵیان لەسەر خۆپیشاندانەکە و ئەو نارەزایەتیە جیهانیە بڵاودەکردوە، هەروەها سی ئین ئینی ئەمریکی و جەزیرە ئینگلیزی و رادیۆی بی بی سی 5و رۆژنامەکانی گاردیان و تایمز و دەیان راگەیاندنی تر لەوێ ئامادە بوون و چەندان چاوپێکەوتنیان لەگەل مەریەم نەمازی و بەهرام سروش و فریبز پویا..ئەنجامدا.

بەم شێوەیە لەسەرتاسەری جیهاند یەک نارەزایەتی جیهانی گەورەو سەرکەوتوو دژی بەربەریەت و یاساکانی شەریعەو بەردەباران و لە سێدارەدان و پاراستنی گیانی سەکینە زۆر شکۆمەندانە بەرێوەچوو.

شایانی باسە بە دوای ئەم نارەزایەتی و فشارە جیهانیەدا رژێمی ئیسلامی ئیران بە پێی راگەیاندنێکی باڵویزخانەی ئیران لە لەندەن بریاری بەردەبارانکردنی سەکینەی هەڵوەشاندۆتەوە و بۆ ماوەی بیست رۆژ دۆسیەکەی وەستاندوە.

26/7/2010

# بەیاننامە سەبارەت بەوەی پێی دەوترێت قاچاخچێتی نەوت!!

ئەوە دوو دەیەیە ناسیۆنالیزمی کورد و حزبەکانی کە لەرێگای جەنگی خەلیجی یه که مه وه به ده سه ڵات گه یشتن، سەروەت وسامانی کۆمەڵگە دەدزن و تاڵان وبڕۆ ئەنجام دەدەن، دەوڵەمەندی به رپرسانی یه کیتی وپارتی له سایه ی بەتاڵان بردنی ئەم سەروەت سامانەدا ئه وانی کردوه ته خاوه ن سه رمایه و کۆشک وته لارو ملیاردێری وا که سەروەتەکانیان بە ژمارەی فەلەکی ناوی لێدەبرێت و بەشی خەڵکی کوردستانیش هەژاری و نەداری و نەبوونی خزمەت گوزاری و بێکاری نەبوونی کارەباوتا دەگا بە ئاوی پاکی خواردنەوە بووە.

به مانەیەکی ترقڵشت و جیابوونەوە و ریزبەستنی چینایەتی ئەوەندە ئاشکرا بووە کە ئیتر بە هیچ شتێک پەردەپۆش ناکرێت، ناره زایه تی و خۆپێشاندانی خەڵک و ریسوایی دەسەڵاتداران و حزبە قه ومیه کوردیه کان تا ده گات به بێ ئابڕوویی رابه ران و سومبڵه بەرجەستەکانی وەک جلال تاڵەبانی و مه سعود بەرزانی لەکوردستان بووه ته بنێشته خۆشه و بەشێکی له بورجوازی کوردی وه ک ئۆپۆزیسیونی ریاکارو درۆزن ناچارکردوه به ته قه کردن له باڵه کانی ترو ده یانه وی له ژێر ناوی گه نده ڵی و قاچاغچێتی نه وت به یتو بالۆرەی لەم بەبەتە خۆیان بە خەڵک بفرۆشنه وو خۆیان بئاخننه ریزەکانیانەوە.

خه ڵکی کوردستان که له سه ر دەریاچەی نەوتدا کە پێێ دەڵێن تەڵای ڕەش لەنگەریان گرتووە کە خاوەنی واقعی ئەم سەروەتەن، بەشێکن لەبێبەش ترین خه ڵکی ئه م گوی زه ویه و له به رهه می ئه م نه وته بێبه رین، ئه م سه روه ته به تاڵان ده برێت له لایه ن ناسیۆنالزمی کورد و حزب وشەخسیەتە دەسڵاتدارەکانیەوە، تەنانەت لەکارەباو که ئه مڕۆ سه ره تایی ترین وه سیله ی ژیانه بێبه شن و له زستانیشدا له به ر ره حمه تی سه رمادا هه ڵده له رزن و له هۆیه کانی خۆگه رم کردنه وه مه حرومن. ده سته واژه ی قاچاغچێتی نه وت هێچ مانایه کی نیه به غه یری ئەوەی کەسێ پێێ وابێ حکومەتی هەرێم و پێکهێنه رانی ئه م حکومه ته خۆیان گەندەڵ و دزو تاڵن چی سەرەکی نەبن، بەپێێ ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاو بوونەتەوە لە خلیل زادەوە و خێڵی جۆرج بوشەوە تا دەگات بە بنەماڵەی بەرزانی وتاڵەبانی له به رهه می ئه م تاڵان برۆیه به هه ره مه ندن دەیان و سه دان ملێون دۆلار چووەتە گیرفانیانەوە.

بۆیە خه بات له پێناو رێگرتن به تاڵان بردنی سه روه ت وسامانی کۆمەڵگە، یەک خەباتی چینایەتی نێوان زۆربه ی هه ره زۆری کۆمه ڵگه ی کوردستانە دژ به مشتێک له تاڵانچی ملیاردێر، خه باته لەنێوان هەژاری و دەوڵەمەندیدا، خەباتە لە دژی سەرانی ناسیۆنالزمی کورد و به رپرسه کانیان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، خەباتە لە دژی ئەوانەی لە حکومەتی هەرێمدان ئەوانەش کە بە"قاچاغ" نەوت بەتاڵان دەبەن کە لە واقعدا هەمان بەرپرسانی حکومەتی هەرێمن.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عراق بانگه وازی خه ڵک ده کات بۆ وەستانەوە بە دژی هەموو تاڵانچیانی نەوت وسەروەت و سامانی کۆمەڵگە دا، ڕادەگەیەنێت کە تا ئەمانە لەسەر کار بن ده ست له تاڵان و برۆ هه ڵناگرن و چارەنوسی کۆمەڵگە هەژاری و نەداری نه بوونی خزمه تگوزاریه کان ده بێت. هه روه ها خه ڵکی کوردستان بانگەواز دەکات بۆ بەرپا کردنی خەباتێکی هەمە لایه له دژی دەسه ڵاتدارانی کوردستان بۆ داسەپاندنی فراوانترین خزمەگوزاری و دابین کردنی بیمه کۆمه ڵایه تیه کان. هه ر له دابین کردنی کاره بای 24 سه عاته وه تا دەگات بە دابێن کردنی ئاوی پاک و خاوێن و به بیمەی بێکاری تەسەل و بێمەی کۆمەڵایەتیەکان و دابێن کردنی کاری گونجاو و بە خۆڕایی کردنی خوێندن له هه موو ئاسته کان و خۆڕایی کردنی خزمه تگوزاری تەندروستی...هتد، تا بتوانین لەنزیکترین هەلدا کۆمه ڵگه یه کی ئازاد و یەکسان دابمەزێنین هەموو کۆمەڵگە لەدەستی ئەم مشته له تاڵانچی ده ربهێنین و رزگاربکەین.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

15ئاب2010

**جیا بوونەوەی کوردستان وپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ**

**بژی جمهوری سۆشیالیستی**

**بەرەو سۆشیالیزم**
**سەرنوسەر :**
سەردار عەبدوڵا حەمە
ته له فون:
14165615131
**بەڕێوەبەری نوسین :**
ڕێبین فاروق
**ده سته ی نو سه ران:**
سمیر نوری،
سه ر گوڵ ئه حمد،
کاروان نه جمه دین،
ستار حه مه علی

## پاشماوه ی راگه یاندنی ...

راگەیەنرا. ئەنجا هەیئەتی سەرۆکایەتی پلینۆمی پێنجه م هه ڵبژێردرا. له پاش ده نگدان بۆده ستوری پلینۆم ئایین نامەکەی هاورێ عصام شکری ووتەی کردنه وی پلینۆمی پێشکه ش کرد. له م وته یدا تاکیدی له وه کرده وه ئه و ئەرکەکانه کامانەن لەسەر پلینۆم که بتوانێ حیزب به ره و پێشه وه ببات وحیزب گەورەو فروان بکاتەوەو ببێته هێزێک که ڕۆڵیکی سەرەکی هەبێ له دیاری کردنی چاره نوسی کۆمه ڵگادا. پاشان حه میدی ته قوایی ووته یه کی پێشکەش کرد که تیایدا باسی له گرنگی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چه پی عێراق کرد بۆ خەڵکی عیراق، ئەنجا به ووردی چووه سه ر ئه و ئاڵووگۆره تازانه ی که به سه رجیهاندا هاتووه له مرۆدابه تایبه تی ئه و تاکتیکه ی ئه مه ریکا که چه نده ناوه رۆکێکی کۆنەپەرستانەی هەیه ، ئەویش ئەوەیه کەهەوڵ دەدا خۆی نزیک بکاتەوه له ئیسلامی سیاسی و وه دەیەوێ بیخاته ژێر ڕکێفی خۆیەوەو به جوان نیشانی بدات له ئاست سیاسه تی جیهانیدا. وه تاکیدی لەوه کردەوه که ململانێکانی ئه مرۆ زۆرتر له جاران ڕۆشنتر بووەتەوه، ئەمرۆ ناکۆکی وکێشمەکێشی سەرەکی له نێوان دوو قوتبدایه ئەویش قوتبی ملیۆنی خه ڵک و قوتبی کۆنەپەرستی بۆروژازی به هەردوو باڵه ناوخۆیی و جیهانیه که یه وه. پاش پشوویەک ، سکرتێری کۆمیتەی ناوندی راپۆرتی دەورەی پێشووی هەڵسوارن و چالاکیه کانی حیزبی پێشکه ش کردو گفتوگۆ و باسێکی چڕوپڕی له سەر کرا به هاوبەشیەکی جیدی هاورێ یانەوه.

هه ر له ڕۆژی یه که مداپلینۆم بڕیانه مه یه کی سیاسی په سه ند کرد سەبارەت به بارودۆخی ئەمرۆی عیراق و ئەرکەکانی حیزبمان بوو. دوای ئەوەی هاورێ یان و باس وجەدەلێکی جیددیان له سەر کرد

و پێشنیاری هه ندێ ئاڵوگۆڕیان کردو دەستکاری کراو پەسەند کرا . ئەم بڕیار نامه یه تاکیدی له سه ر بردنەسەرەوەی ئاستی خه باتی حیزب کرد له بەرانبەر هێزه میلیشیایی و قه ومیه کان و هێزه داگیرکه ره کانی ئەمەریکا وه له پێناو بردنه پێشەوەی ئه لته ر ناتیڤی سۆشیالیستی چینی کرێکارو کردنی بەهێزێکی کاریگەر له ناو کۆمەڵگادا. به دوای ئەوەدا پرۆژەی بڕیارێک سه باره ت به لێسه ندنه وه ی ئەندامەتی له یەکێ له ئەندامانی پێشووی حیزب پێشکەش کرا. ئەم پرۆژەیه له لایه ن مه کته بی سیاسی پێشووه وه هێنرابوو پاش قسه وباس و گفت وگۆو له سەر ی پرۆژه بڕیارەکه به تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

له رۆژی دووەمدا درێژه درا به باس وگفتوگۆ له سەر پرۆژەی بریانامەکانی تر وه ک بڕیارنامه ی ده سکۆتاکردنی هێزه ئیسلامی و قەومیەکان پێوستیەکه له پێناو ده رخستنی ته نها ئه لته رناتیڤی ئینسانی چینی کرێکار له عێراقدا- وه پرۆژه ی بڕیانه مه ی پشتیوانی و هاوپشتی کردنی شۆڕشی ئێران له ئێستادا_ خه بات له دژی بێکاری له





عێراقدا- کۆنگره ی سێیه می حیزب. سەرجەم بڕیار نامەکان پاش گفت وگۆو باسی جیددی له لایه ن ئه ندامان و میوانه کانه وه په سه ند کران . جگه لەپرۆژەی بڕیارنامەی دژی بێکاری که سپێردرا به مەکتەبی سیاسی ئایینده بۆ ئەوەی ئاڵوگۆره پێشنیار کراوەکان له بەندەکانیدا بکرێ و بکرێته پلاتفۆرمێک بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوی بێکاران له عێراقدا.

پلینۆم کۆتایی به کارەکانی هێنا پاش پێشکەشکردنی ووتەی کۆتایی له لایەن سه میر نوریه وه ، که تیایدا تاکیدی کردەوەله سەر سەرکەوتنی پلینۆم و وه فه زای گه رم و گوڕی ولایه نه ئیجابیەکانی پلینۆم و بەشداری جیددی هاورێیان و جیدی بوونی ئه و بڕیارنامانه ی که په سه ند کران و گرنگیان له مرۆدا، وه تاکیدی له وه کردەوه که حیزب توانای ئەوەی هەیه



پێشبخرێ وه فاکته رکانی گه وره بوونەوەی حیزب له دەستدیەاو دەکرێ و دەبێ ئەم حیزبه بگۆڕدرێ به حیزبێکی به رفراوانی کۆمه ڵایه تی له ناو کۆمه ڵگای عێراقدا. له دوایدا به سروودی ئەنتەرناسیونال و به شۆرو شه وقه وه کۆتایی به پلینۆمی حیزب هات . پلینۆم به تێکرای دەنگ عصام شکری وه ک سکرتێری کۆمیته ی ناوەندی هەلبژاردەوه وه بەزۆربەی ده نگ 6 هاورێ وه ک ئه ندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردان که بریتین له مانه : جه لیل شه هباز ، سه ردار عەبدوڵا حه مه ، سەرگوڵ ئەحمەد ، سەمیر نوری ، صەباح ئیبراهیم ، فاتیح بەهرامی.

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی**
**کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**
26/7/2010

**سوپاس**

بۆ ئەم بەرێزانه که لەماوەی دوو پلینۆمی حیزبدا کۆمەکیان به حیزب کردووه:
کۆمیتەی بەغدا ی حیزب
کۆمیتەی کەرکوکی حیزب
کۆمیتەی ئەلمانیای حیزب
کۆمیتەی کەنەدای حیزب
عصام شکری، صەباح ئیبراهیم ، سەمیر نوری ، سەردار عەبدوڵا ،خەبات مەجید،کاوه عمر،فاتیح بەهرامی ، سەرکوت حسین ، یوسف مەجید، خەلیل نوری ،

## پاشماوه ی قه یرانی حکومه ت ...

من پێم وایه که ئەم هێزانه له ئێستادا به هیچ شێوەیەك ناتوانن حکومەت و پەرلـەمانێك پێك بهێنن کەلەسەربنەمای هەڵبژاردن و ڕێژەی دەنگەکان، تـەنانـەت خودی ئـەو ڕێژەیەش که له هەڵبژاردنەکەی خۆیاندا بڵاویان کردەوه. بۆیـه من پێموایه که بەدوای ئەم هەڵبژاردنەدا وه تەنانەت گـەر دوای چەندین مانـگی تریش پێکهاتنـی حکومەت و پەرلەمانیش ڕابگەیەنن، بەهیچ شێوەیـەك گۆڕانـکاریـی سیاسی لـه و حکومەت وپەرلەمانه نوێیەدا نابێت، بەڵکو هەروەك ئێوه خۆتان ئیشارەتان پێکرد تەنها بریتی دەبێت لەجێگۆڕکێی سیاسی نێوان هێزو میلیشیاکان بەپێـی بـەرژەوەنـدی یه تایبەتییه مەزهەبی وعەشایەریەکانی کـانی خۆیان وه تـەرازووی هێزەکـان دەوری بەرچاو لەو جێگۆڕکێیەدا دەبینێت. دەلیلـی ئەوەش دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی که ئەو دەیان گرۆپ و میلیشیایـەی کـه دروست بوون هەریەکەیان لەپێناو بەتاڵان بردنی زیاتری سەروەت و سامانی عێراق و تیکەی دەمـی خەڵکی هـەژار و بـەشمـەینـەت دەستـی گرتووه به عەشیرەتگەری کۆنەپەرستیی و دین ومەزهەبی سەردەمه تاریکەکانـەوەو لەو پێناوەدا، بۆ نمونه کۆنـه بـەعسیـەکان ئەمڕۆ لەگەڵ عەلاویەکان بەرژەوەندییان دەڕوات و پێکدێن بەیانی بەپێی تـەرازووی هێزەکانیان دەیـگۆڕن لـەوانـەیـه لـەگـەڵ بارزانی تالەبانیی پێك بێن هەروەك چۆن عەممارئەلحەکیم به ئارەزووی خۆی وه بـه پێی بەرژەوەندییه سیاسیـه تایبـەتـەکـانی سەنـگـەری پێش هـەڵبژاردنـی لـەدوای هەڵبژاردن یاری پێ دەکات دەگوازێتـەوەو تـەنـانـەت هیچ هسابێك بۆ ئـەندامـان ولایەنگرانی خۆشیان ناکات. ئەم شێوازه له تەراتێن ئەمبەرەو بەر،بۆ ئـەم حیزبـه کۆنەپەرستانه هیچ جێگای شـەرم نییـه و ئەوه تایبەتمەندییانه که له پێناو دەسەڵات و پاوانخوازییاندا گاڵتـه بـه چارەنووس و ژیانی خەڵکی کرێکار و بـەشمـەینـەت وهەموو ئەوانەش بکەن که پێیان وابووه گەر بچن بۆ ئەو هەڵبژاردنەو دەنگ بدەن لەوانەیه ئاڵو گۆڕێك له ژیانیاندا بەرەو باش بوون بەدی بێت!!. کـەواتـه ئـەمـانـه لـه ئەڵقەیـەکی داخراوی ئـەمبـەرەو بـەرو جێگۆڕکێدا دەسوڕێنەوه، ئامانجیان لەوەدا بەڕوونی دیاره که بۆیه کۆمەڵگایان دابەشکردووه بـەسـەر سوننـی شیعـەو مەسیحی یـەزیدی و عـەرەب و کوردو تورکماندا، تا لەوێوه بتوانن بـه ئـاسانی پەرەبدەن بـەبازرگانیکردن بـه دین و کۆنەپەرستییەوه وبیکەنه خاڵی بنەڕەتیی شەڕی مەزهەبی وعەشایـەریی نێوان خەڵکی بێ دیفاع و وەسیلـەی مـانـەوەی هەرچی زیاتری دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان، ئیسلامی سیاسی لـەم نێوەدا بۆگـەنترین دەوری بینیوه. کەواته له ئاکامدا تەنها دەبێته جێگۆڕکێ وهاوپیمانی پێکهاتنی نێوان ئـەو میلیشیایانـه نـەك گۆڕانی بارو دۆخـه سیاسیەکه.

**پـه ره و سۆسیـالیـزم:** ڕۆڵـی هـێـزه دەرەکیـەکان وه بـەتایبـەت وڵاتـەکانی ناوچەکەلەپەیوەند بـه بارودۆخی سیاسی عێراقەوه چۆن دەبینی؟وه ئایا پێت وایه کـه ئەوه دەست تێوەردانی ئـەو هێزانـەیـه لـه کاروباری عێراقدا که ڕێـگره لـەبـەردەم پرۆسـه ی هـه ڵـبـژاردنـی هـه ر سێ سەرۆکایەتیەکـه ( سـەرۆکی کۆمـاری ، سەرۆك وەزیران وسەرۆکی پەرلـەمان) و ڕێگره لەبەردەم ئاڵوگۆڕی سیاسی بـەرەو دیـمـوکـراتـی و گـه شـه ی ئـابـووری خۆشگوزەرانی له عێراقدا؟

**ستار حەمه عەلی:** به دڵنیاییەوه هێزه جیهانی و ناوچەییەکان دەوری جیددیان هەیه له دیاریکردن و ئـاراستـه کردنی بارودۆخی سیاسی عێراق وه بـه تـایبـەت بەرژەوەندی ئـەمریکا لـه داگیرکاری و مانەوەی هێزەکانی له عێراق وه دەوری حکومەته نـاوچـەییەکـانی وەك ئێران و سعودیـەش کـارکردی ڕاستـەوخۆ و بـەرچـاویـان لـەم ئـەوزاعـەدا هـەیـه و هەردوکیان پێکەوەش واته دەوری وڵاتـانی ناوچەکه لـه لایـەك وەئـەمریکاو هێزه جیهانیەکـانی تر لـەلاکـەی تر کـار و کاردانەوەی بەرچاوویان له ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخەکه وه بەتایبەت خراپتر کردنی ژیان گوزەرانی خەڵکیدا هەیه.

ئێران نزیك به سێ دەهەیه بنکەو مۆڵـگەی میلیشیاو حیزبه ئیسلامیەکانی عێراقەو لەبەرانبەر ئەمریکادا تا ئێستا گەورەترین فشاره کـه بـەکاری دەهێنێت لـه پێناو پاراستنی بەرژەوەندیه سیاسیەکانیدالـه ناوچەکەدا، وه دەیەوێت لـەو ڕێگـەیـەوه تـەواوی کێشـەکـانی نـاوەوەی خۆی، نـاڕەزایـەتیـەکـانی خـەڵـکی ئـێران بەبەکارهێنانی شیعاری دژی ئـەمریکایی بوون بکاتـه دەرەوەو سـەرکوتی بکات وهەروەها لەپێناو ڕێگه گرتـن لـەگـەشـەو فراوانبوونەوەی ناڕەزایەتی یەکانی خەڵکی عێراق به دژی کۆنەپەرستیی دەسـەڵاتـی ئیسلامـی سیاسی. بێگومـان بـه هـەمـان شێوەش سعودیـەو تـەنـانـەت سوریـا و تورکیاش جگه له بەرژەوەندیه سیاسیه ناوچەییەکانیان وه پاراستنی بـەرژەوەندیه ئابووریه کانیان بەبڕوای من ئێستـا ئـەم دەسەڵاتانه بەتایبەت ئێران و سعودیه و تورکیا بازرگانان و سەنعەتکارانی دینن و ئیسلام لەدوای نەوت گەورەترین سەنعەتی سەرمایەگوزاری و بـەرهـەمـهێنـه بـه دەستیانەوه ، بەوپێیه بێگومان دەبنه ڕێـگر نـەك هـەر لـەبـەردەم بـەرەوپێشچونـی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکیدا بـەڵکو بوونـەتـه هۆی ئاڵۆز کردنی زیاتری ئەوزاعەکەو هـەر لایـەنـه بـه پێـی بـەرژەوەنـدی و تەرازوی هێزەکەی دەیـەوێت دەسـەڵاتـی میلیشیاکانی عێراق وه داهاتوی سیاسیـی عێراق بەقازانجی خۆی ڕابکێشێت.

سەباهرەت بەبەشی کۆتایی پرسیارەکـەت ئەوەندە بەسه که بڵێم گەربـەو پێناسانـەی سەرەوه که حیزب و میلیشیاکانی ئێستـای ساحەی عێراقی هـەیـانـه سـەیر بکـەین، ناتوانین بچوکترین تـایبـەتمـەندییـەکانی ئەحزابی نۆرمـاڵی بۆرژوازیـی خـاوەن بەرنامەی سیاسی و حیزبیان تێدا ببینین، بۆیـه ئـەمـانـه حیزبی کۆمـەڵایـەتیی کێشمەکێسه سیاسی و کۆمـەڵایـەتییـەکانی کۆمەڵگای عێراقی نین، بەڵکو میلیشیـای مافیایی وهێزی چەکداری تیرۆریست و ئیرهابین و زۆرێك لەوانه بـه پشتیوانیی هێزه دەرەکی و حکومییەکانی وەك ئێران و سعودیه و سوریا و تورکیا دروست بوون و تەنانەت بەشێکی زۆریشیان بـەدەستـی ئەمریکا بەزۆر دانرا، لەوێنـەی سـەرۆك عەشیرەت و شێخەکان و هێزەکانی سەحوه و... هتد، بۆیه بەهیچ شێوەیـەك نـاتوانن دیموکراتی بن، وه لـەسـەر دەستـی ئـەم شێوانه له ئەحزاب به هیچ شێومیەك گەشەو خۆشگوزەرانیی ئابووری بـەدی نـایـەت، چونکه خۆیان بـه لێپرسراوی داهاتووی کۆمەڵگا نازانن.

**پەرەو سۆسیالیزم:** پێت وایه کـه حکومەتی داهاتوی عێراقی دەتوانێ ئاسایش وگەشەی ئابوری و خۆشگـوزەرانـی بۆ خـەڵـکی عێـراق بـەدی بـهێنێت؟ ئـەگـەر نـا، هۆکارەکانی ئەوه چین؟

**ستار حەمه عەلی:** بێگومان وەڵامـی من بەم پرسیارەتان نەخێره! چونکه مـه علومـه کاتێك سیماو ناوەرۆکی هێزو ئەحزابەکانی نـاو دارو دەستـه ی بـەشـدار بـووانـی هەڵبژاردن ئەو میلیشیا و گروپه ئیسلامی و قەومی و عەشایەریه کۆنەپـەرستـانـه بن، بێگومان ناتوانن ئاسایش و خۆشگوزەرانـی بۆ خەڵکی بەدی بهێنن. ئـەم حیزب و میلیشیایانه بۆ ئـەوەی بتـوانن دەسـەڵاتـی خۆیان بسەپێنن، بەهێچ شێوەیـەك نـاتوانن ڕێگه بدەن به ئازادی و مافـه مـەدەنـی و تەنانەت دیموکراتیکەکانی خەڵکی، چونکـه ئەو کاته خودی خەڵکی بارگەو بنـەیـان پێ دەپێچێتەوەو دەبێت له مـه یدانی سیاسی بکرێنـه دەرەوه. بۆیـه بۆ ئـەمـانـه تاکـه وەسیلەی مانەوەی دەسەڵاتیان سەرکوت و ئیرهاب تۆقاندنەو ئەمانەش ئێمـه ڕۆژانـه دەیبینین و خەڵکی عێراقجگه لـەنـەبوونـی ونەداریی کوشنده که نزیکەی ده ملیۆن لـه خەڵکی لەخوار هێڵی هەژاریەوه دەژین و نزیك به پێنج ملیۆن نـەخوێندەوارهـەیـه، ڕۆژانه نەك هەر گوێیان له هەڕەشەی ئـەو حیزب ومیلیشیایانەیه له دژی خەڵکی بەڵکو هەموو ڕۆژه له جەرگـەی بـازاڕ شوێنـی کارو ژیانیاندا تەقینەوەو کوشتـاری گـەوره گـەوره دەکرێت و ژیـانـیـان بـووەتـه دۆزەخێکـی تـەواو، جـگـه لـەوەش ئیـعـدامـکـردنـی بـەردەوام و تیـرۆری موخالیفینی سیاسی ، ژنان ، مـامۆستـایـان خەڵکانی ئازادیخوازو مۆدێرن بەشێوەیەکی بـەرفـراوان سـەرتـاسـەری عێـراق و کوردستانیشی گرتووەتەوه. جا بۆ کۆتـایی هێـنـان بـەم وەزعـه ورزگـار بوونـی یـەکجـارەکـی لـەم کۆنـه پـەرستـی وبەربەریـەتـەی دەسـەڵاتی میلیشیـایی ئیسلامی سیاسی و قەومـی وعەشایـەریه تەنهاڕێگه بـەرفراوانبوونـەوەی هێزی ڕادیکاڵ وئازادیخوازو چەپ و سپسیالیستی کۆمەڵگایه وهەوڵدانه بۆ هـەرچـی زووتر زیاتر کۆکردنەوەی ئەم بەرەیەیه لەدەوری یەکتر و هەڵخڕاندنی ناڕەزایەتیـه بـه هێزو یەکگرتووەکانی خەڵکییه بەدژی ئەم وەزعه وکۆتایی هێنان به داگیرکـاریـی ئـەمریکاو لەهەمان کاتدا دەست کۆتـا ئـەم دەسـەڵاتـه میلیشیاییانه. *

**ماڵپه ره کانی تری**
**کۆمۆنیزمی کرێکاری**

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران
www.wpiran.org

کۆمیته ی کوردستانی
حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران
www.iskraa.org

سایتی مه نصور حیکمه ت
www.m-hikmat.com

سایتی حه مید ته قوایی
www.hamidtaqvaee.com

# دەست کۆتا کردنی هێزە ئیسلامی و قەومیەکان پێشمەرجن بۆ بەدی هێنانی ئەلتەرناتیڤی ئینسانی چینی کرێکار لە عێراقدا

**بڕیار نامەی پلینۆمی پێنجەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

* 7ساڵە عێراق داگیر کراوە و کاولکاری دەکرێ وبورژوازیش توانای پێك هێنانی دەوڵەتی نیە وە توانای دابین کردنی کۆمەڵگایەکی سەقامگیر و نۆرماڵی نیە.ئەویش بە هۆی و فەشەلی و پووچی ئەلتەرناتیڤەکانیەوە.

* دەوڵەتی ئێستا لە عێراقدا بوونی نیە ، وە هۆی نە بوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو هێزە ملیشیانەی کە ئەمەریکا لە عێراقدا دایناون ، وە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵانەی ئەو کە دەیەوێ کۆمەڵگا دابەش بکرێ بە سەر دین و تایفەو مەزهەب و عەشایر وە بە جێ هێنانی بەرژەوندیەکانی ئەم دەستەو تاقمانە.

* ئەو چینەی کە بەرژەوەندی نیە لە درێژە دانی ئەم بارو دۆخەدا کە بە هۆیەوە خوێن ڕێژی دەکرێ لە ماوەی 7 ساڵی رابووردودا ئەوە چینی کرێکارە و کۆمەڵانی ملیۆنی خەلکی زەحمەتکێشە کە تینووی ئازادی و یەکسانین. تەنها چینی کرێکار خاوەنی ئەلتەرناتیڤی ئینسانیە لە عێراقدا.

* بە هۆی کۆنەپەرست بوونیەوە بورژوازی توانای ئەوەی نیە کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدنی بگەڕێنێتەوە هەر بۆیە گەرانەوەی مەدەنیەت لەمرۆدا بووەتە ئەرکی چینی کرێکار .

* چینی کرێکار ناتوانێ ئەلتەرناتیڤە ئینسانیەکەی بە ئەنجام بگەیەنێ بە بێ دەست کۆتا کردنی ئەو هێزولایەنە ئیسلامی و قەومی ومەزهەبی وتایفی و عەشایەریانەی کە ئەمەریکا بە هۆی جەنگ و کاولکارییەوە دایناون . ئەو هێزو لایەنە کۆنەپەرستانە و بەربەریانەش لە بەرانبەر ئەلتەرناتیڤی ئینسانی چینی کرێکاردا لە دژایەتیەکی هاوتەرییدان.

حیزبمان بڕیاریدا:

خەبات لە پێناو ئەلتەرناتیڤی ئینسانی لە عێراقدا ئەوە ئەخوازێ لە چینی کرێکار و جەماوەری ملیۆنی کە تێبکۆشن لە دژی هێزەداگیرکەرەکان و لایەنە دەسەلاتدارە ئیسلامی و قەومی ومەزهەبی وتایفی وعەشایەریەکان. دەبێ ئەوانە دەستکۆتا بکرێن لە ڕێگای هاتنە مەیدانێکی بەرفراوان و وە یەکسختنی هەموو هێزەکانی جەماوەر و بۆ رەخنە گرتن و ریسواکردنی وەحشی بوونی ئەلتەرناتیڤی ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێ کۆمەڵگا دابەش کەن بەسەر دین و تایفەو وەلە سەر بنەمای چەوساندنەوەی ژن و توند بوونەوەی دین و هەستی تایفی و قەومی و لایەنداری عەشایەری ئەلتەرناتیڤی خۆیان دارشتوە.

* خەبات لە پێناو دەست کۆتا کردنی ئەو لایەنانە لە دەسەلاتدا و کۆتایی هێنان بە کۆنترۆلی ئەوان بە سەر چارەنوسی کۆمەڵگادا ، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانمان بۆ هێنانی ئەلتەرناتیڤی ئینسانی کرێکاری بۆ بە ئەنجام گەیاندنی سۆشیالیزم .

* تەنها لە ڕێگای سۆشیالیزم و دەوڵەتی سۆشیالیستیەوە جەماوەر ئەتوانێ چارەنوسی خۆی بە دەستەوە بگرێ؛ تەنها لە ڕێگای سۆشیالیزمەوە دەکرێ جەماوەر پێناسەی ئینسانی بوونی خۆی بۆ بگەڕێتەوە .

پلینۆمی پێنجەمی حیزب
24و25ی تەموزی2010

# کۆمەک و پشتیوانی لە شۆڕشی ئێستای جەماوەری ئێران

**بڕیار نامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

ئێران لە ماوە ی 9 مانگی پێشودا شۆڕشێکی جەماوەری بە خۆوە گرتووە لە دژی جمهوری ئیسلامی . لە پاش ڕووداوەکانی 27 ی دیسەمبەری 2009 "عاشورا"و " رۆژی قودس" شۆڕشی ئێران لە قۆناغی تورەیی ونارەزایەتی گۆڕدرا بۆ قۆناغی هێرشی راشکاوانە بۆ سەر جمهوری ئیسلامی و هێزە سەرکوت گەرەکانی وە لە هەوڵی ڕووخاندنیدایە.

ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە ورێرەوەکانی ئینسانین .شۆڕشێکە لە دژی دیکتاتۆری و سەرکوت ، شۆڕشێکە لە دژی ئیسلامی سیاسی و یاساکانی شەریعەت، شۆڕشێکە لە دژی کۆیلە کردنی ژنان و ئاپارتایدی رەگەزی ئیسلامی ، شۆڕشێکە لە پێناو ئازادی ڕادە ربڕین و ئازادی بێ قە یدو شە رتی سیاسی ، شۆڕشێکە لە دژی حوکمی ئیعدام و یاساکانی شە ریعە لە ئە شکە نجدان و شە لاق و بە ردباران ، شۆڕشێکە لە دژی هە ژاری و برسی کردنی ملیۆنە ها کەس، شۆڕشێکەلە دژی بێبە شیە کانی کرێکاران لە کرێ و مافە سەرەکیەکانیان، وە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی چە پیە چونکە دژی دە خالە تی دینە لە دە ولە ت و لە کۆمە ڵگادا و وە بوار ئەرەخسێنێ بۆ سەرجەم مافەکانی تاک و مافە کۆمەڵایەتیەکان.

شۆڕشی ئێستای ئێران شۆڕشێکی ناوچەیی و جیهانیە لە سنوری جوگرافیایی سیاسی ئێران واوە ترە ، سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە ئاسۆ بۆ ئازادیخوازی و رادیاکالیزم لە عێراق و ناوچەکەو جیهاندا دەکاتەوە لە پێناو گەرانەوەی جەماوەر بۆ ئیرادە ی خۆی و توانای خۆی بۆ چارەنوسی ئایندەی خۆی ،یەکەم شتێ کە روو ئەدا لە دوای سەرکەوتنی ئە شۆڕشە ووشک بوونی ئە و سە رچاوانە یە کە ئیسلامی سیاسی لێوە دێ و توانای ئەو ناهێڵێ لە درێژە دان بە کۆنترۆڵ کردنی ئەو بە سەر بارودۆخەکاندا و حوکم بکا لە ڕێگای میلیشیاکانیان و مافیاکانیانە وە . شۆڕشی ئێران لە ریشەوە لە دەماری ئیسلامی سیاسی دە دات لە سەر ئاستی جیهانی و نیوخۆیی .

سە رکە وتنی شۆڕشی ئێران راستە وخۆ کاریگە ری دە بێ لە سە ر بەرژەوەندیەکانی خەڵکی عێراق و ناوچەی رۆژ هەڵاتی ناوەراست و دۆنیای عەرەب ، وە توانایی چینی کرێکارو خە لکی زە حمە تکێش بە هێز دە کا و وە مە یلی کۆمەڵگە زیاد دەبێ بۆ چەپ و سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و رادیاکلیزم وە بوار دەکاتەوە بۆ ئەوەی خواستی یەکسانی ژن و پیاو بکرێتە خواستێکی جیهانی . وە بە هۆی لە مە یداندا بوونی حیزبی ئێمە تواناکانی خەلکی عێراق زیاتر دەبێ بۆ رزگار بوون لە هێزو لایە نە بەربەریەکانی ئیسلامی سیاسی و قەومیەکان وە ئەم شۆڕشە توانای خەلک بۆ سەپاندنی ئیرادەیان و بە دی هێنانی سۆشیالیزم و سەدان جار بەهێز تر دەکات.

لە سەر ئەم بنەمایانە حیزبمان بڕیاری دا هەستێ بە :

1_ کۆمە کێکی تە واوی شۆڕشی خە ڵکی ئێران و خە باتیان لە پێناو روخاندنی جمهوری ئیسلامیدا.

2_ کۆکردنەوی کۆمەک و لایەنگری و پشتیوانی لە شۆڕشی خەڵکی ئێران ولە نێو لایەن و کۆمەڵەکان وە لە ناو جەماوەر لە ناوەوەی عێراق و ناوچەکەو جیهان؛

3_ کۆکردنە وە ی ریزە کانی جەماوەری عێراق و دونیای عەرەب بۆ بە رێخستنی خە بات لە دژی جمهوری ئیسلامی ئێران لە رێگای ریسوا کردنی تاوانکاریەکانی لە سەر ئاستی جیهانی وە فشار دانان لە سە ر رێکخراوە کان و حیزبەکان و کۆمەڵەکان و حکومەتەکان بۆ ئەوە ی پە یوە ندی دیپلۆماسی و سیاسی بپچڕن لە گە ڵ جمهوری ئیسلامی و لە کۆنگرەو کۆبونەوکانیان دەریان بکەن و مینبەری قسەکردنیان پێ نەدەن ، ئەو هێزو لایە نانە ش ریسوا دە کا کە پێشوازی لێ دەکەن و بواری پێ دەدەن، تەرویج دەدات و داوای دادگایی کردنی سەرانی جمهوری ئیسلامی بە تۆمەتی ئەنجام دانی تاوان لە دژی ئینسانیەت بەرز دەکاتەوە.

پلینۆمی پێنجەمی حیزب
24 و25 تەموزی 2010

# بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و ئەرکەکانی حیزبی ئێمە

**بڕیار نامەی پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارێ چەپی عیراق**

تاکتیکی تازەی ئەمەریکا بە ڕابەری ئوباما سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی ، کە لەو دوایانەدا خستیە ڕوو بە دوای ئەو شکستەدا هات کەلە عێراقدا توشی هات وە لە کاتێکدایە کە سیاسە تە کانی کۆنسەرڤاتیڤی نوێ بە بن بەست گەیشتووە ، ئەم تاکتیکە هەوڵێکە بۆ وەرگرتنەوەی باجی شکستەکەی و ریسوایەکەی کە لە ئاستی جیهاندا بەرەو رووی بووەتەوە ، ئەوە رۆشنە کە ئاکامێکی پووچیشی دەبێ. بۆ نموونە لە ناوەوەی عێراق قە یرانی حکومەت ( دەسەلات) و نەبوونی ئاسایش وزیاتر بوونی نائارامی لە سە ردە می حوکمی ئوبامادا ئەوە ی خستە روو کە تاکتیەکانی ئوباما بە دەردی چارەسەری باردۆخی سیاسی عێراق ناخوا ت وکێشەکان چارەسەر ناکات.

2_ تاکتیکە کانی ئوباما شتێکی تازە نین جگە لە گە ڕانە وە بۆ سیاسە تە کلاسیکیە کانی حیزبی دیموکرات . ئە و سیاسەتانەش ئەوەیە کە پشتیوان لە ئیسلامدا بۆ ئەمە ریکا پە یدا بکرێ، کە لە سە ر بنەمای بە رەسمی ناسینی یەکتر بێ وە لە سەر ئەو بنەمایە بێ کە ئیسلامی سیاسی هیچ دژایە تیە کی ناکرێ لە لایە ن ئەمەریکاو غەربەوە . لەم نێوەدا ئەمەریکا و ئیدارەکەی دە ر ئەکەوێ کە هیچ پەیوەندێکیان بەو ماف و ئازادیانەوە نیە کە بزووتنە وە ی ئیسلامی سیاسی بە ربە ری زە وتی کردوون گرنگ ئە وە یە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا دابین ببێ . ئەم سیاسە تە ریاکارانە ، لە مێژوودا ، هە ڵوێستی زۆر کلاسیکیانە ی حیزبی دیموکراتی ئەمەریکی بووە.

3_لە لایەکی ترەوە ، ئیسلامی سیاسی خۆی لە ناو قەیراندا دەبینێتەوە .لە گەڵ بانگێشتە کە ی ئە مە ریکا بۆ پێکهێنانی بەرەی ئیسلامی سیاسی سەر بە ئەمەریکا ،بزوتنە وە ی ئیسلامی سیاسی ڕووبە ڕووی کۆتایە کی حە تمی دە بێتە وە .خودی بزووتنە وە ی ئیسلامی سیاسی لە سە ر شیعارە کانی دژایە تی غە رب و صە لیبیە کان و" کوشتنی کافرە کان" و هتد...دامە زراوە. بە لاوە خستنی ئە و شیعاراتانە بە مانای لە نێوچوونی یەکێ لە گرنگترین پایەکانی ئەو بزووتنەوە بەربەریە دەبێ و ئیفلیج دەبێ لەبەرانبەر هێز کۆکردنەوەدا ، ئەمە وای لێ دەکا بەرەو فەوتان بیبات.

4_شۆڕشی ئێران کە لە هاوینی ساڵی 2009 دا سەری هەڵداوە ، هێز دەبەخشێ بە ڕادیکالیزمی بە رە ی جە ماوە ری موتە مە دینی ملیۆنی لە سە رتاسە ری جیهاندا . ئە م شۆڕشە هیوا و نە هجی جە ماوە رە بۆ پە لامار و رووخانی جمهوری ئیسلامی ، کە گەورەترین قوتبی ئیسلامی سیاسی تیرۆریست و وە حشیە . هەروەها ئەم شۆڕشە دەستپێشخەریەکان و ئیرادەی ئەو ملیۆنەها کەسە بەر جەستە دەکاتەوە کە هەردوو بەرەی تیرۆریست رەد دەکەنەوە. سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە ئێراندا زۆرترین کاریگەری دەبێ لەسەر ژیانی خەڵکی عێراق و ناوچەکە و بگرە جیهانیش.

5_ لە هەوڵە پووچەڵەکانیدا ئەمەریکا بۆ سە رخستنی پرۆژە کانی خۆی پێش پاشەکشە کردنی لە ساڵی 2011 دا دەیەوێ ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و ئیسلامیەکانی سوونە و پاشماوەکانی بەعس رابێکێشێ بۆ لای خۆی وبەو هیوایەی تا بەڵکو بتوانێ دە سە ڵاتێک دامە زرێنێ و پرۆژە وی ئاشتە وانی نیشتمانی بە سە رکە وتن بگە یە نێت . سیاسە تی ئە مە ریکا ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە لەم بوارەدا چونکە ئەو پێکهاتانە ی ئەو پشتیان پێ دەبەستێ بە تا یبەتی پاشماوەی بەعسیەکان و ناسیۆنالیستەکان نامۆن بە پێداویستیەکانی دامەزراندنی دەوڵەت.

6_گەڕانەوەی بەعسیەکان بەو مانایە نیە کە حیزبی بە عس وە ک حیزبێکی فاشیستی میلیتانتی کە لە ساڵانی پێشوودا حوکمی دەکرد دەگەڕێنەوە ، بەلکو وەک هێزێکی میلیشیایی دەبێ کە داوای سەهمی دەبێ لە دەسەڵاتدا وە هاوپشتی ئەمەریکا دەبێ.

7_ تاکتیکە کانی ئوباما و ئیدارە تازە کە ی بۆ هێنانی ئیسلامی سیاسی پاڵپشتی ئە مە ریکاو لە کاتێکدایە کەبۆروژوازی لە قەیراندایە وەڵامی نیە بۆ ئە م بارو دۆخە ی ئە مرۆ ،بۆ دەرکەوتنی بەرەی سەربەخۆی جەماوەر و بۆ بەهێز کردنی توانای چینی کرێکار بۆ خۆریکخستنی وبۆ بە هێز بوونی ریزی سۆشیالیست خوازان و کۆمۆنیزم و چەپ و تە رح کردنی ئە لتە رناتیڤیان لە کۆمە ڵگە دا هە لومە رج ئە مڕۆ زیاتر لە بارە. وە ئەمە ئاسۆی خەباتی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری زیاتر دەکاتەوە لە رێگای حیزبە سیاسیەکەیەوە لە عێراقدا واتە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چە پی عێراق وە ئەم بزووتنەوەیە وا لێ دەکا کە چەندین هەنگاو بچێتە پێشەوە .

**بە پێ ی ئەو خاڵانە ی پێشوو باسمان کردن حیزب بریاڕی دا لە بە جێ گەیاندنی ئەم ئەرکانەی خوارەودا:**

*بردنە پێشەوەی خەبات لە بەرانبەر ئەو هێزانەی کە ئەمەریکا لە عێراقدا دایناون، واتە میلیشیا ئیسلامی و قە ومیە کان ، وە ریسوا کردنی پرۆسە سیاسیە کان و نیشاندانی ئە وە ی کە ئە مە ریکا بۆچی نایە وێ لە هە وڵی چارەسەردا بێ بۆ کارەساتەی لە عێراقدا خولقاندوویەتی .

راوەستان و رووبەروو بوونەوەی ئەو لایە نە ناسیونالیستانە ی عە رە ب کە هاوپە یمانی ئیسلامی سیاسی سوونە ن. تێدەکۆشین پەردە لە سەر ئەو بزووتنەوە قەومیە لادەین کە خۆی روو پۆش دەکا بە عەلمانیەت و هاوولاتی و مافەکانی ژنان کە هیچ پەیوەندیەکان نیە لە بەدەست هێنانی ئازادی و یەکسانی و ئینسان دۆستیدا.

* کۆکردنەوەی هێز بۆ پشتیوانی و هاوپشتی لە شۆڕشی خەلکی ئێران بە هەموو تواناوە ، وە ئاگادار کردنە وە ی خە لک و چینی کرێکار لە عێراق و ناوچەکەو دونیای عەرەبدا سەبارەت بە خەباتی خەلکی ئازادیخواز لە ئێراندا لە پێناو رووخانی رژیمی جمهوری ئیسلامی و ریسوا کردنی وە حشیگە ریە کانی ئە و رژێمە هارو درەندەیە.

* خە باتی جیهانی لە پێناو هاوپشتی کردنی بەرەی خەڵک و ئوردوگای سێ یەم بۆ راوە ستانە وە لە بە رانبە ر بە رە ی ئەمەریکا و لایەنە دینیەکان و ئیسلامی سیاسیدا، پتە و کردن وبە هێز کردنی خە بات لە پێناو عە لمانیە ت و مافە کانی ژنان و دفاع لە ئینسانیەت لە بەرانبەر وەحشیگە ریەکانی بۆرژوازی بە هەموو باڵەکانیەوە .

*تاکتیکی تازەی ئەمەریکا ، هەروەک جاران سیاسە تێکی کۆنە پە رستانە یە . ئەرکی ئێمەیە هەموو هەوڵەکانی ئەو بۆ روو سپی کردنی ئیسلامی سیاسی و سات و سەودا کردنی لە گەڵیدا و گەرم کردنی بازاری لە ناو سیاسە تی جیهانیدا ریسوا بکەین .

* پتەو کردنی جێگاو رێگای حیزب وەک تەنها نوێنەری چەپ و سۆشیالیزم و عە لمانیە ت لە عێراق لە ناو ریزە کانی جە ماوە ردا وە دە رخستنی ئە لتە رناتیڤی خۆی بۆ دە رباز بوون لە کارە سات و دامەزراندنی کۆمە ڵگە یە کی سۆشیالیستی ئینسانی .

**پلینۆمی پێنجەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**
25/7/2010

# چوونە دە رە وە ی ئە مە ریکا و دە ست کۆتا کردنی هێزە قە و می و دینی یە کان لە عێراق دا